سەرۆک کۆمار پێشوازی لە باییزی فڕێنسا دەکات



سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید پێشوازیکرد لە ئێریک شوڤالیێ باییزی فڕێنسا لە عیراق بەبۆنەی کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی.

لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 4-1-2024 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچو، سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و هەماهەنگی هاوبەش سەبارەت بە پرسە جێ بایەخەکانی هەردوولا.

هەروەها هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکەکانی داهاتودا بە باییز شوڤالیێ خواست، هاوکاریشی بەردەوامی کارکردنی لە عیراقدا بەرزنرخاند.

لای خۆیەوە باییزی فڕێنسا سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرۆک کۆمار دەربڕی بۆ پاپشتیکردنی لە

بەهێزکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، جەختیکردەوە لەسەر ویستی هەمیشەیی فەرەنسا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عیراق لەپەناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەل و وڵاتی دۆست.